# چەند وتەیەک لەسەر بۆنە و جەژن و سیمبۆلی نەتەوەیی



هەڵۆ بەرزنجەیی

هەرچەندە ناتوانین لە هیچ ڕوویەکەوە بە ئەمەریکییەکان،بڵێین نەتەوە ئەمەریکا، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان پلەهەنووکەدا گەورەترین زلهێزی جیهان و خاوەنی بەهێزترین دەوڵەتن،ئینجا بۆ دروستکردنی سیمبۆل و ئاوێتەکردنی خەڵکەکەی و سازدانی هێمای شانازیی و یەکگرتووی، کۆمەڵێ بۆنەیان بۆ خۆیان سازداوە، تێیدا ئاهەنگی نەتەوەیی و پشووی فەرمی ئەنجام دەدەن.
کورد تاکە جەژنی راستەقینەی لەگەڵ ئەو شێواوییەیشی کە دەوری مێژووەکەی داوە، جەژنی نەورۆزە،کەچی نە داگیرکەران ئەو بۆنەیەمان پێ ڕەوا دەبینن و نە گای بنەی خۆیی لێ دەگەڕێن بە ئاسوودەیی ئەم یادە بکرێتەوە.
وەک تاکێکی کورد بەهیوام ، رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگە و رۆژی گیانبەختکردووان،گەشمردان/ شەهیدان ، ڕۆژی کۆماری کوردستان و رۆژی ریفەراندۆم بکرێنە جەژنی نەتەوەیی و جەژنی سەربەخۆییش بێتە پێشەوە. هیوادارم ڕۆژێک بۆ زمانی کوردی و ژنانی کورد و جەژنی لەدایکبوونی ئەحمەدی خانی و جەژنی سروشت /داربەڕوو وەک سیمبۆل بێنە کایەوە.
دیارە ئەمە دەبێتە بەشێک لە پەروەردەی تاک و ئەم تاکەش لە سیستەمێک دا گەورە دەبێت، بەم پێوەر و خەسڵەتانە ساز بووە و قالبووە و کار دەکات. جا ئەوسا بڕوانە! کەسایەتی خوڵقاوی ژێردەستی ئەم سیستەمە چ کەسایەتییەک دەبێت. !
تاکێکی کورد، کوڕی نەتەوەیەکی داگیرودابەشکراو،بێبەشە لەهەموو سیمبۆلەکانی ژیان،بۆیە زۆر بە خۆی نەناسە و گەلێ جار لە ساکاری خۆیەوە بەها و نرخی سیمبۆلە نەتەوەییەکان بەرز ڕاناگرێ ، یاخود نازانێ چۆن مامەڵەیاب لەتەک دا بکات.
بنۆرن ئەمەریکا خاوەنی چەند رۆژی پشوو و جەژنی نەتەوایەتییە:

١ـ رۆژی ساڵی نوێ، رۆژێکە ئەمەریکا سەرلەنوێ ئایدیالی ئەمەریکی بەرجەستە دەکاتەوە.
٢ـ رۆژی لەدایکبوونی ئەبرەهام لینکۆلن
٣ـ رۆژی لەدایکبوونی جۆرج واشنتۆن

٤-رۆژی درەخت(تەرخانە بۆ بەرپرسیارێتیمان لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان)
٥- رۆژی یادەوەریی کوژراوەکان/شەهیدان ٦-رۆژی ئاڵا ٧-رۆژی سەربەخۆیی ٨- رۆژی کارکردن ٩-رۆژی دەستوور ١٠- رۆژی کۆلۆمبوس( رۆژی ڕێزلێنانی رۆحی پێشەنگ) ١١-رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٢- رۆژی هەڵبژاردن ١٣- رۆژی سوپاسگوزاری(رۆژێ لەپێناوی سوپاسگوزاری ژیان لە ئەمەریکا) ، ــــــــــــ بەدووری نابینم ئەم لیستە درێژتریش بێتەوە.چونکە بۆ هەر سەرکەوتنێک، سیمبۆلێک دروست دەکەن تا شانازییەکان زیاتر و هەستەکان بەتینتر بن.
هاوکات ڕەنگە هەر ولایەتێکیش لەدەڤەری خۆیدا بۆنە و جەژنی تایبەتی هەبێت. هەر بۆ نموونە ئەمساڵ لە پەرلەمانی ئەڵمانی بڕیار درا،ساڵی ٢٠١٩ رۆژی ژنان بێتە پشوویەکی فەرمی بەس لە هەرێمی بەرلین بەرلین. چونکە بەرلین وەک ولایەتێک کەمترین بۆنە و پشووی فەرمی هەیە،بۆ ئەوەی هەست بە ناهەقی نەکەن بەرامبەر بە هەرێمەکانی تر،ئەو ڕۆژەیان بۆ ناسێندرا.
لە بەریتانیا سەردەمانێکی زۆر سروودی God save the Queenبەر لە دەسپێکی فلیم لە سینەما و شانۆ دەچڕێندرا.
فەرەنسییەکانیش کەمیان بۆ مارسیلیزی Marseilleise /خۆیان نەکردووە.

لە کوردستانی ئازاد و سەربەخۆش دا دەکرێ،هەر دەڤەرێکی جەژنە تایبەتییەکانی خۆی یاد بکاتەوە و تەنانەت بیشیکەنە رۆژی پشوو.
بە هیوای (( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)) بە دەیان بۆنە و جەژن و پشووی فەرمییەوە.
ئەم بابەتە دەبێتە چمکێکی کتێبی ئایندەم (( کوردبوون و ناسیۆنالیزم))